هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Apparatus of Supervision and Quality Assuarance
Diroctorate of Quality Assurance and Accreditation

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جهاز الإشراف و ضمان الجودة
مديرية ضمان الجودة والاعتمادية

ژمارە : ٢٧٦١
رێکەوت : ١٩ / ٨ / ٢٠٢٠ زایینی
٥ / / ٢٧٢٠ی کوردی

No:
Date:

فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی چوارەم و پێنجەمی لیژنەی باڵای نووسینەوەی سیاسەت و ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی پێواژوی بۆڵۆنیا (بۆلۆنیا پرۆسێس) و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە، بڕیاردرا بە:

یەکەم: جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە کە پەیوەندیدارن بە (وەرگرتن، گواستنەوە، دابەزین، پەرینەوە، میچی خوێندن، دواخستنی خوێندن، تاقیکردنەوە) لە پێواژوی بۆڵۆنیا:

١. ساڵی خوێندن لە پێواژوی بۆڵۆنیا (بۆلۆنیا پرۆسێس)دا وەرزییە (Semester) لەسەر بنەمای هەژمارکردنی ژمارەکانی کرێدیت (ECTS) دەبێت، هەر وەرزێک لە (٣٠) سی کرێدیت پێکدێت، هەر وەرزێکیش بە تاقیکردنەوە و پشوەکانەوە لە نێوان (١٥-٢٠) پازدە تاکو بیست هەفتە دەخایەنێت بە مەرجێک ماوەی وانە ووتنەوە لە (١٤) چواردە هەفتە کەمتر نەبێت. زانکۆ و پەیمانگەکانیش بە پێی تایبەتمەندی خۆیان و لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ساڵنامەی خوێندنیان لە سەرەتای هەموو ساڵێک ئامادە بکەن.
٢. ساڵی خوێندنی ئەکادیمی لە ڕێکەوتی (٩/١) هەر ساڵێک دەست پێدەکات و لە ڕێکەوتی (٧/١) هەرساڵێک کۆتایی پێدێت و هەر ساڵێکی خوێندن لە (٢) دوو وەرز (Semester) پێکدێت.
٣. بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دبلۆمی (٢) دوو ساڵە و بەکالۆریۆس، بۆ هەر ساڵێکی خوێندن دەبێت (٦٠) شەست کرێدیت کۆ بکرێتەوە، بەمەش ژمارەی کرێدیتەکان گۆڕانی بەسەردا دێت بە پێی زیادبوونی ژمارەی ساڵەکانی خوێندن (٦٠کرێدیت * ژمارەی ساڵەکانی خوێندن= ژمارەی کرێدیتی بەدەست هاتوو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە).
٤. (١) یەک کرێدیت (ECTS) یەکسانە بە (٢٧) بیست و حەوت کاتژمێری کۆششی خوێندن.
٥. ئەو زانکۆ و پەیمانگەیانەی کە پرۆگرامی هاوبەش و دوو بڕوانامەییان (Dual Degree) لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەدا هەیە ئەوا بە پێی ڕێکەوتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو زانکۆدا ژمارەی کاتژمێرەکان بۆ هەژمارکردنی (١) یەک کرێدیت دیاری دەکرێت.
٦. قوتابی/خوێندکار دوای تۆمارکردنی ناوی خۆی لە زانکۆ بۆی هەیە لە (٦) شەش وەرز دواخستن ئەنجام بدات، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.
   أ. دوو وەرز بە ئارەزووی قوتابی/خوێندکار دەبێت کە لەسەر میچی خوێندن هەژمار ناکرێت.
   ب. دوو وەرز لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێژ دەبێت و لە سەر میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.
   ج. دوو وەرز لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆ دەبێت و لەسەر میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.
   د. بە پێچەوانەی خاڵەکانی (أ، ب، ج)ی سەرەوە ئەوا قوتابی/خوێندکار تەرقین قەید دەکرێت و دواتر دەتوانێت بە پارالێل بگەڕێتەوە.

٧. قوتابی/خوێندکار دوای تۆمارکردنی ناوی خۆی لە پەیمانگە بۆی هەیە لە (٣) سێ وەرز دواخستن ئەنجام بدات، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.
أ. یەک وەرز بە ئارەزووی قوتابی/خوێندکار دەبێت کە لەسەر میچی خوێندن هەژمار ناکرێت.
ب. دوو وەرز لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پەیمانگە دەبێت و لە سەر میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.
ج. بە پێچەوانەی خاڵەکانی (أ، ب)ی سەرەوە ئەوا قوتابی/خوێندکار تەرقین قەید دەکرێت و دواتر دەتوانێت بە پارالێل بگەڕێتەوە.

٨. قوتابی/خوێندکار، دوای تۆمارکردنی ناوی خۆی لە زانکۆ یان پەیمانگە، ئەوا بۆی هەیە هەردوو وەرزی ساڵێکی خوێندن یان تەنها یەک وەرز دوابخات. ئەگەر (١) یەک وەرزی دواخست، ئەوا لە ساڵەکانی دواتر ئەو وەرزە دەخوێنێتەوە. ئەگەر دواخستنەکە لە هەر وەرزێک بوو ئەوا لەبەر چاو دەگیرێ کە نابێت ئەو وانانەی پێش مەرج (prerequisite) یان هەیە لە سیمیستەری دواتر بیخوێنێت.

٩. ئەگەر قوتابی/خوێندکار گزی لە تاقیکردنەوەکان (ڕۆژانە، مانگانە، کۆتایی وەرز)کرد ئەوا لەکۆی وەرزەکە بە کەوتوو هەژمار دەکرێت، ئەگەر دووبارەی کردەوە ئەوا سڕینەوەی ناو(ترقین قەید) دەکرێت.

١٠. ئەو قوتابی/خوێندکارەی بە هۆی دوو جار گزی کردنەوە تەرقین قەید بکرێت ئەوا مافی گەڕانەوەی بە پارالێل نییە.

١١. نمرەی دەرچوون (٥٠٪) دەبێت، نمرەی هەوڵی یەکەم و هەوڵەکانی دیکە وەک خۆی هەژمار دەکرێت.

١٢. بۆ ئەوەی قوتابی/خوێندکار بتوانێت بەشدار بێت لە تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتە زانستیەکە ئەوا قوتابی/خوێندکار پێویستە پێشتر ئەو داواکارییانەی (Module requirements) ئەنجام دابێت کە مامۆستای بابەتە زانستیەکە داوای دەکات، بە پێچەوانەوە مامۆستا دەتوانێت ڕێگەی پێ نەدات و ناتوانێت بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی بکات، لەم بارە بە کەوتوو دانانرێت بەڵکو چانسی زیاتری پێ دەدرێت بۆ ئەوەی باشتر خۆی ئامادە بکات، زانکۆکان دەبێت ئەم بابەتە بە شێوەیەکی سیستەماتیک ڕێك بخەن.

١٣. هەر بابەتێکی زانستی (Module) قوتابی/خوێندکار چوارجار تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام بدات و ئەگەر لە هەر چوارجاری تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو نەبوو ئەوا پێویستە قوتابی/خوێندکار ئەم بابەتە بەشێوەی پارالێل دووبارە بکاتەوە.

١٤. ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە دواکەوتوون لە هاوتاکانیان داوا ناکرێن لەو وانانەی کە لەبەر گۆڕینی مەنهەج لادراون و داواکراو دەبێت لە بابەتە نوێیەکان.

١٥. گواستنەوە تەنها لە نێوان ئەو زانکۆیانە دەکرێت کە هەمان پێواژوی بۆلۆنیا پەیڕەو دەکەن، واتا لە سیستەمی کلاسیکی بۆ پێواژوی بۆلۆنیا و بە پێچەوانەوە گواستنەوە ئەنجام نادرێت.

١٦. گواستنەوە و دابەزین لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن ئەنجام دەدرێت، لە کاتی دابەزینی قوتابی/خوێندکار ئەوا دەتوانرێت کرێدیتە کۆکراوەکانی بۆ هەژمار بکرێت بە ڕەزامەندی زانکۆ/پەیمانگەکە.

١٧. سەبارەت بە یەکەمەکانی سەر بەشەکانی پێواژوی بۆلۆنیا بۆ گواستنەوەیان بۆ کۆلێژی بەرزتر بە پێی ڕێنمایی پێشووی گواستنەوە مامەلەیان لەگەڵ دەکرێت.

١٨. هەر قوتابی/خوێندکارێک بە هەر هۆیەکەوە پەیوەندی (تۆمار) بە خوێندنەوە نەکردبێت، ئەوا لە سەر میچی وەرزەکانی خوێندن هەژماردەکرێت، بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو مافی گەڕانەوەی دەبێت بۆ سەر خوێندنەکەی.

١٩. هەر خاڵێك لێرەدا سەبارەت بە وەرگرتن و گواستنەوە و دابەزین ئاماژەی پێنەدرابێت ئەوا بە هەمان ڕێنماییە گشتییەکانی وەرگرتن و گواستنەوە و دابەزین مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٢٠. ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندنی ئەکادیمی (٢٠٢٠-٢٠٢١) جێبەجێ دەکرێت.

دووەم: فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون هەڵدەستێت بە دانانی خاڵەکانی برگەی یەکەمی سەرەوە لە ڕێنماییەکانی وەرگرتن و دابەزین و گواستنەوە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان و تایبەتەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

سێیەم: ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت.

د. ئاڕام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ ئاماژە بە پەراوێزی بەڕێزتان/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم زانکۆ حکومیەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگە تایبەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ و ڕاگر/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆک/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا
- سەرجەم فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین/ لەگەڵ بەڕاییەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.